## ویلایەتی موکریان وئەمارەتی موکری

لە ماڵپەڕی بروسکەدا ووتارێکی ڕێزدار مەلاعومەری عەسریم سەبارەت بە مێژووی ئەمارەتی موکریان خوێندەوە کە عینوانەکەی ئەوەی سەرەوە بوو. ووتارەکە سەردەمێکی مێژوویی دوور ودرێژی گرتۆتە بەر واتە لەپێش هاتنی ئارياييەکان بۆ ناوچەکەوە دەستی پێکردوە و تا سەدەی شازدەهەمی زایینی و سەردەمی حوکماتی ئەمارەتی موکری هاتووە.

دیارە ئەو ماوە دوور ودرێژە مێژووییە، پێویستی بە بوارێکی بەرینتر و کاری جیددیتر هەیە بەڵام پوخت وپاراو نووسینیش خۆی هونەرێکی گەورەیە و ئەوانەی وا کات و حەوسەڵەی زۆریان بۆ خوێندنەوەی مێژووی بە ووردەڕیشاڵ نەبێت دەتوانن کەڵکی باش لەم ووتارە پۆختە وەربگرن کە بە چەندین سەرچاوەی کوردی و فارسی پشت ئەستوورە ودەبێ بۆ نووسرانی زەحمەتی زۆر کێشرابێت.

ئەوە سەرچاوەی ڕاگواستنی ووتارەکە:

http://www.brwska.org/kurdi/index.php?news=3981

ئەوەش ووتارەکە خۆی:

## موکریان و ئە مارە تی موکری

### عومەر عەسری



مێژوو نووسان  لایان وایە: ناوی موکریان،لەسە دە ی هە شتە می کۆچی،هەزارەیچواردە هەمی زاینیدا کەوتۆتەناو ڕووپەڕی کتێبە مێژوویی وجوغڕافییە کانەوە و،  بەم ناوچەو هەرێمانە وتراوە:سەڵماس، ورمێ، نەغەدە، شنۆ، خانێ، سابڵاغ، بۆکان،میاندواو،مەراغە،سائینقەڵا،سەقز،سەردەشتو شاروگوندەکانی تری ناو ئەوسنوورە.

ئەو هەرێمە،لەهەزاران ساڵ بەرلەئێستا و پێش لە دایکبوونی عیساش، ئاوەدان بووە وجێگای ژیان وشوێنی حەوانەوەی ئینسان و خاوەنی شارستانییەتە . ئاسەوارە دێرینە دۆزراوە کانی"زیوەی"سەقز، حەسەنلوو"ی لای"نەغەدە"قەڵایچی"پەنا"بۆکان"ڕەبەتی"گەورکی سە ردە شت وئاسە وارەکۆنەکآنی "سەڵماس"وشوێنەکانی تری ئە ودەڤەرە، بەڵگەی ئەو ڕاستییە ن.

لەسەرەتای هەزارەی بەرلە زاینییەوە،"ماناکان"بەشێکی بچووك بوون لەرێکخراوی"گووتی"و"لولو یی عێلە کۆنە کانی ئەو هەرێمەی  پاشان پێی وترا: وڵاتی"ماد" و  هیچ پێوەندییە کیشیان نەبوو  بە عیلە مادەکانە وە.بەڵآم لەسەرەتای سەدەی نۆیەمی پێش زاینیەوە بوون بەیەکێک لەدەو ڵەتە کانیناوچەکە
و،لەسەرزە مینی موکریانی ئێستادا دەسەڵاتێکی تەواو یان هەبووە.لەسەدەیهەشتەمیپێش زاینیدا چەندجارجار لگەڵ دەوڵەتەکانی "ئاشوور"و"ئۆرارتۆ"دا بەشەڕ هاتووە و سەری بۆ هیچکامیان دا نەنەوا ندووە.

سەلمانسەری سێیەم،شای ئاشوور، لە 858 تا 824 ی پێش زاینیدا لەسەرتە ختی شایە تی بوو.

کاتێک پیربوو"دایان ئاشوور"ی کوری خۆی کردە فەرماندەی هێز و هێرشی پێ کردەسەروڵاتی"ئۆراڕت" لەناوچە ی "مووسەسێر"واتە:هەرێمی "سیدە کان،خانێ وکیلە شین.شار و گوندە کانی تاڵان و کاول کرد. بەڵامخەڵکەکەی سەریان بۆ دانەنە واند." ئۆئالکی"حاکمی" مووسەسێر" پەنای بۆ چیاکان برد. ئە مجار"دایان ئاشوور"پە لاماری ناوچەی"گیلزان" واتە:"سەڵماس"ی دا."ئۆپۆ"ی شای ئە وێ ناچاربوو کە باج و خەراج بدات بەدەوڵەتی ئاشوور.

ساڵی828ی پێش زاینی،" ئیش پۆتین" ی کوری" شەڕدوری" بووبە شای"ئۆرارتۆ" و،هە رێمە داگیر کراوە کانی ئە ستاندەوە و ،ناوچە ی سەڵماسی شی خستە سەر وڵاتی"ئۆرارتۆ" و،لە ساڵی814ی پێش زاینی،لەدەر بەندی "کێلەشین"ی نێوان"ڕە واندز" و "شنۆ"لە سەر تەختەبەردێک بە بە رزی 110 سانتیمیتر وبەپا نی70 سانت وبە ئە ستووری33سانت و، لەسر پایەیەکی60سانتی بەرز باسی ئەو شەڕ و سەر کەوتنانەی خۆی بەدوو زمانی ئاشووری و ئۆرارتۆ یی(خالدی) هەڵکەندووە.(ئەو ئاسەوارە ئێستا کە لەمووزەی ورمێ یە!!!)"مینوئا"ی کوریخۆیشیلەفەرمانڕەواییدا کردە هاو بەش"مینوئا سەر پەرستی سوپای ئۆرارتۆ"ی گرتۆتەئەستۆ.لە ساڵی808ی‌پێش زاینیدا هەرێمی"سڵماس" و، لەساڵی 807 وڵاتی"ماننا"شی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

ساڵی720ی پێش زاینی،زوربەی هەرەزۆری ئازەربایجان لە ژێر دەستی"ئێرانزۆ"یپاشای ماننادا بووە. یان لەلایەن فەرمانڕەوایانی خۆماڵییە وە ئیدارەکراوە. بەڵامبەرپرسانی هەندێک لەهەرێمەکانی ماننا پێیوەندیان بەدەوڵەتی"ئۆراراتۆ"وە گرت و،خۆیان لە ژێر دەسەڵاتی "ئێرانزۆ"دەر هێنابوو، ساڵی719 پێش زاینی"ئێرانزۆ"خۆیلەدەولەتی ئاشوورنزیک کردەوە و،ڕێگەی پیدا دەست بخاتەناوکاروباریوڵاتیماناوە. ساڵی 717پێش زاینی ڕۆسای یەکەم بووەبەشای"ئۆرآرتۆ"هێرشی کردۆتە سەروڵاتی"ماننا"و زوربەی قەڵاکانی گرتو،تەنانەت یەکێتی نێوان"دیاکۆ"ی سەرکردەیمادەکان و،ماننا کانیشی تێکدا.پاش"ئێرانزۆ" ئازای کوری جێگای گرتەوە. بەڵام سەردارانی هەرێمەکان لەگەڵی بەشەڕهاتن وکوشتیان.ئەمجارشای ئاشوور"سارگۆن"ی دووهەم وڵاتەکەی ئارام کردەوە و "ئۆلوسۆن"ی برای"ئازا"ی لەسەردانا"ئۆڵوسۆن" لەتەک شای:ئۆرارتۆ"دا پەیمانی بەست و، وڵاتەکەی خستەژیر دەسەڵاتی"رۆسای شای 'ئۆراڕ تۆ' وە. سارگۆن لیی بەقیندا چوو.هێرشی کردە سەرو چەند قەڵاو پایەتختەکشی داگیرکرد(دەڵێن: گوندی "قەڵایچی"پەنا "بۆکان"بووە) و،شای مانناش بوو بە ژێر دەستەی شای ئاشوور.

لە714ی زاینیدا،"ئولوسۆن"پادشای ماننا چەندجارێک باج وخە ڕاجی داوە بەدە وڵەتی ئاشوور.بەڵام لەساڵی713ی زاینی بەو لاوە،نەک هەر باجو خەراجی نەداوە بەدەوڵەتی ئاشوور،بەڵکوو بە شێک لە ناوچە سەر سنوورە کانی ژێر دە سەڵاتی ئەو دەو ڵەتەشی داگیر کردوو و،چونکە موکریان ناوچەیەکی ئاوەدان وبە بیت وبەرەکە ت بوو، سەرەنجام دەولەتیماننا،بوو بەدەوڵەتێکی گرینگی،دەڵەمەدندیجێی پروا لە سەر تاسەری هەرێمە چیاییە کانی خۆر هەڵاتی دەووڵە تی ئشوور.

لەسەدەکانی 8-9ی پێش زاینی دا، مادەکان کە ئارییایی ولەڕەگەزی جیاجیابوون و،پێشترلەڕێگا ی قەفقازە وە هاتبوونە ئەو هەرێمە ، لێک نزیک بوونەوەو،یەکێتییەکیان پێکهێنا و دانیشتوانی ڕەسەنی هەرێمەکەشیان وەک" گۆتی'و" لولویی"وهێندێک "هۆرانی"و"ئۆرارتۆیی"ش ڕەگەڵ کەوت.ئەوەی لەو کاتەدا و لەوهەرێمە،لەهەموویان زیادتر خاوەنیفەرهەنگ بووە،خەڵکیدەوروبەریگۆلی"ورمێ" واتە " ماننا"کان بوون.کەهێشتا نەچووبوونەناویەکێتی عێلەمادەکانەوە و،زۆرجار وەبەر شاڵاوی" سکاکەکان" دەکەوتن.لەدەور و بەری سەدەی7ی پێش زاینیدا،مادەکان بوونەدەوڵەتێکی بەهێزو،زۆر جاران لەلایەن "ئۆرارتۆ" و" ئاشوور" و"سکاکە کانەوە" هێرشیان کراوە تە سەر. سەرەنجام لە612ی پێش زاینی دا "هۆخشتەرە"ی شای ماد بەیارمەتی شای "بابۆل" "نەینەوا"ی پاتەختی دەوڵەتی ئاشووری گرت و کۆتایی بەدەسە ڵاتی دەوڵەتی ئاشوور هێنا.

ماناکان،لە650یپێش زاینیشدا خێویدەسەڵات بوون"ئاخشەرە"یشای"ماننا"بەیارمەتیسکاکەکان

هەڵیکوتایەسەرسنووری ئاشوور."ئاشوور بانیپاڵ"شآی ئاشوور لەتۆڵەدا شاڵاوی بردە سەرخاکیماننا وداگیری کرد وخستییە سە ر وڵاتی ئاشوور"ماننا "کان هەر وامانەوە هە تا "هۆخشتە رە" ی سێیە م شای "ماد " دەوڵەتی ئاشۆری لە بە ین برد و ڵاتی ماناشی خستە سە ر وڵاتی ماد. ماناکان هە تا ساڵی533ی پێش زایینیکەکورش"کچە زای"ئاستیاک"ی شایماد هات ودە وڵەتیمادی روو خاند هەر مایە وە.لە533 هە تا هاتنی " ئە سکە ندە ری "مە کدوونی وروخانی دە و ڵە تی هەخامە نشی لە 330ی پێش زاینیدا، موکریانهە ر لە ژێردەسەڵاتی سە ر دارە خۆجییە کاندا بووە.

مامۆستا جە میل ڕۆژ بە یانی،لای وایە کە "سکا"کە کان، عێلێکی کۆچە ر بوون و،ودۆزینە وەی گەنجینەی زێوە ی "سەقز"کە شوێنە واری"سکا "کە کانی تێدا دۆزراوە تە وە،نایێتە پاڵپشتی ئە وە ی کە سکاکە کان لە وڵاتی ماد دا ناوچەیە کی تایبە تیان هە بووبێ.هە ر وە ها لاشی وایە:سکا کە کان وهۆرییە کان شکاکە کان و هە رکییە کانی ئە مرۆ ن و هە ر لە جێگای خۆیاندا ماونە تە وە.

لەدەورانی مەکدوونی و سلوکییەکانیشدا،وەک دە ڵێن:موکریان هە رلە لایە ن سە ردارە خۆماڵییە کانە وە ئیدارە کراوە.هە تا لە ساڵی250ی پێش زایینیدا،کە ئە شکانییە کان وڵاتیان ئازاد کرد. لە226ی زایینیە وە هە تا662یزایینی 21ی مانگی کۆچی کە ئێران لەژێردە ستی ساسانییە کاندا بوو، موکریان دیسانیش هەرلە ژێردەست و دەسە ڵاتی سە ردارانی ناو خۆییدا بووە.لە سە دە کانی سێ وچوار و پێنجی مانگیشدا،ئازە ر بایجان ،هە ر بە ناو لە ژێر حوکمی خە لیفە کانی عە باسی دا بووە ،ئە گینا دەڵەتەکوردییەکانی وەک"ڕاوە ندی""سالاری"و"شە دادی"ئیدارە یان دە کرد. لە سە رە تایسەدەی پێنجی کۆچی مانگی،هەزارەی11ی زایینی"ورمێ"و"مە راغە"واتە موکریان لەسایەی دەوڵە تیئەبوو هیجای کوری ڕە بیبو دەولە ی هەزبانی"دا،لەوپەڕی ئارامیدا بووە.

لە ساڵی420ی کۆچی مانگی، تیرە ی"غۆز"ی تورکمەن،شالاویان هێنا سەرئازەر بایجان.ئەبوهیجای هەزبانی پێشی پێگرتن و،کوشتارێکیزۆری لێکردن،عیلیهەزبانی ئەوکات،نەک هەرئازەربایجان،بەلکوو سۆرانیش، واتە: نێوان دوو زێی گەورە وچوکە شیان هەر لە"قەراج"ەوەهەتا سنووری موکریانیان لە ژێر دەسەلاتدا بووە.ساڵی500ی مانگیێ1117ی زایینیش سۆران هەرلەژێردەستیعیلیهەزبانیدا بووە. کاتێک محەمەدی کوری"مەلیک شای سەلجووقی"هێزێکی ناردەسەرمووسل. ئەبوو هیجایهەزبانی لەگەل"جگەر مژ"حاکمی مووسل پێشیان پێگرتن و،زۆریان لێ کوشتن.لە 520ی مانگی1137ی زایینی "عیماد و دینی زە نگی"حاکمی مووسڵ ،داوای لە" ئەبووهیجای هەزبانی" کوری عەبدوڵا حاکمی "هەولێر" و"ئامێدی"وهێندێک هەرێمی دیکەی کوردستان کرد:کەببێ بە یاوەری.ئەبووهیجا قبووڵیکرد و،چوو لەمووسڵدانیشت.سەرەنجامبنەماڵەیهەزبانیکەوتنەگیانییەکتر و ئەماڕەتەکە شیانلە لایە ن "عیمادودین"ە وە هە ڵوە شاوە.

بەرلەسەدەی سێهەمیکۆچی مانگی نۆیەمی زایینی،تاقەیەک بنەماڵەی ترک لەموکریاندا نەژیاوە. و،هیچ گوند،شآرو شارۆچکەیەکی ئازەربایجان ،موکریان وباقی ناوچەکانی تریکوردستانی رۆژهەڵات ناوی ترکییان لە سە ر نەبووە.لەنیوەی سەدەی دە یەمی زایینیدا،چوارەمی کۆچی مانگی،یەکێک لە عێلە ترکەکان کەپێشترلە کەنارەکانی"جە یحوون"دەژیا،بەرەو"ئێران"شۆربوونەوە. تیرەی سەلجووقی کەلە هە موویان بەهێز تربوو،لەئێران وزوربەی وڵا تانی ئیسلامیدا بەکوردستانیشە وە سەڵتەنەتی دا مە زراند.

موکریان، لە دە ورانی" تاتار"و"موغول"و"ئێلخانیاندا، وەک باقی کوردستان داگیر وتاڵان وکاول کراوە.لە سەر دەمی ترکانی" ئاققۆینلوو" و "قەرە قۆینلودا، ئاخر و ئۆخری سەدەی 15یزایینی 9ی مانگیدا کوردەکان بەشەڕناوچەکەیان لەجنگ دەرهێنانەوە و"ئەماڕەتی موکریان دامەزراند.نووسە ری شەرە فنامەدەڵێ:سەردارانی موکری بەرێ خەڵکی شارەزۆربوون و، هێندێک دەڵێن سەربە تیرەی بابانین. سەرزنجیرە ی سە ردارانی موکری"میرسەفە دین"ە،کە لە رۆژگاری سەرنوخونبوونی تەخت وبەختی پادشاکانی"ئاق قۆینلۆ" و"قەرە قۆینلۆ" دا،سەری هەڵدا.کوردێکی زۆریلەبابانی وشوێنە کانی دیکەی

کوردستان،لەدەوری خۆی کۆکردەوە و،پەلاماری ترک گەلی"چاپقلوو"ی دا ،دریاسی لەجنگ‌دەرهێنان وناوچەی"دۆڵباریک" "یەختەچی" "یەڵتەم" و"سندووس" یشی خستەوەسەر و، "ئەمارەتی موکری" دامەزراند.کەمرددووکوری لەپاش بەجێما:سارم وبابا عومەر.سارمیش‌کورێکی‌هەبوو بەناوی ڕۆستەم

سارم خان لەڕۆژگاری شا سمایلی سەفەویدا(1501-1524ی زایینی907-930ی‌کۆچی مانگی لەجێگای باوکی ڕۆنیشت.شاسمایل دەیویست:ئەمارەتەکەی لەچنگ دەرهێنێ و بیخاتە ژێر فەرمانی خۆیەوە.چەندجارهێزی ناردەسەرسارم خان وبە تێشکاوی دەگەڕانەوە.ئاخرجار ساڵی 1506ی زایینی912ی مانگی،شاسمایل بەهێزێکی زۆرەوەهاتەشاری"خۆی" و،هێزی"شاملوو" ی بەسەر کردە یی"عەبدی"بەگی باوکی "دورمیش خان"و" سارۆ عەلی میهردار"ناردە سەر سارم.سارمخان لەوشڕەشدا سەرکەوت.قزڵباشێکی زۆرکوژران.تەرمی هەردووک سەر داری ترکیش لەمەیداناکەوتن.پاشان سارم خانیش وە کوو زوربە ی میرە کانی کوردستان،لەڕێگای "مەلائیدریس"ی بتلیسی یەوەچووەژێرفەرمانی "سوڵتان سەلیم"ی عوسمانی یەوە (1512= 1520ی زایینی ،918-929ی مانگی و،لەشەرێ چاڵدیرانی1514ی‌زایینی 920ی مانگی دژی شا سمایل بەشداری کرد.شاسمایلی سەفەوی لەو شەڕە دا شکا و،ناوچەکە کەوتەوە دەست دەوڵەتی عوسمانی و،سارم خانیش لەشەڕری قزڵباش نەجاتی بوو.

پاش شەڕی چاڵدیران و،شکستی دەوڵەتی ئێران و دابەشبوونی کوردستان لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا،عوسمانییەکان بەپێچەوانەی شاکانی سەفەوییە،بەڕێوەبەرایەتی وئیدارەی زوربەی ناوچەکانی‌کوردستانی ژێردەسەڵاتی‌خۆیانیان(بەموکریان)یشەوە،بەمیرەکوردەکان‌ئەسپاردەوە. بەڵام قەتیش مەجالیان نەدان:هە تا زۆربە هێزبن و،یەک بگرنەوە،نەکا خودای نەکردە ڕۆژێک دەوڵەتێکی سەربەخۆی‌کوردی دامەزرێنن.لەدەورانی شەڕو کێشەی سەدان ساڵەی نێوان دوو دەولەتی عوسمانی وسەفەوییە دا، کوردستان مەیدانی شەڕ وتێکدادانە کان وکوردیش بەشێکی بەرچاو و کارای هێزی نیزامی‌ئەو دوو دەوڵەتە داگیرکەر و، دەستەچیلەی ئاگری ئەو شەڕانە بووە،زۆرجاریش"ئەمارەتی موکری"و ئەمارەتەکانی تری کوردستان،دەساتاو دە ستیان پێ کراوە و،لە لایەن سوپای ئەو دە و ڵەتانەوە ،تالان و کاول کراون و، زۆربنەماڵەو عەشیرەتی کوردیش لەموکریان و باقی‌ناو چەکانی تری کوردستان کۆچیان پێی کراوە و لەکوردستان دوور خراونە تە وە.

کاتێک‌سوڵتان‌سولەیمانی قانوونی(1520-1567ی زایینی926-974 ی‌مانگی)هاتەسەرتەختی شایەتی،سارم خان بۆ دەرپرینی‌دڵسۆزی و گوێرایە ڵی‌خۆی سە ردانی سوڵتانی کرد.سوڵتان سولەیمان‌مەزنایەتی ئەو ناوچانەی‌کەلەباوکییەوەبۆی‌بەجێ مابوو پێ بەخشی و گەڕایەوە بۆ موکریان.بەڵام زۆری نەخایاند مرد و 3 کوری لە پاش بەجێما:قاسم،برایم و حاجی عومەر، هەر سێکیان لە هە ڕەتی لاویدا مردن و جێگای بابیان پرنەکردەوە. هێندێک سەرچاوە دەڵێن: 2کوری تریشی هەبووە بە ناوە کانی'ساروسوڵتان' و'ئە ردەوان'کەلەشەری دژی قزڵباشدا کوژراون.

پاش مەرگی سارمخان،کورانی ڕوستمی کوری بابا عومەر:شێخ حەیدەر،میرنەزەر و میرخدر وڵاتەکەیان کردبە سێ کوتەوەو،هەریەکێکیان بەسەر بەشێکیدا ڕادەگەیشت.دریاس،دۆڵباریک، سندووس ویەختەچی دران بەشێخ حەیدەر.یەڵتەمر بە میر نە زر پرا و، مەحمە شە ش وەبەر میر خدر کە وت. هە ر سێک برا چوونە ژێر فەرمانی شا تە هماسبی ترکی سەفەوی(1524-1577 ی زایینی 930-984ی مانگی) و ،پشتیان لەبەرەی ترکانی عوسمانی کرد.

ساڵی1534 زایینی 940 ی مانگی"ئولامەسوڵتانی تەکلوو"حاکمی"ئازەربایجان"کەیەکێک لە گەورەپیاوەکانی قزڵباش بوو،لەشا تەهماسب هەڵگەڕاوە و،دەوڵەتی‌عوسمانی‌هاندا پەلامار ی "ئێران"بدات.لەشکری عوسمانی‌بەسەرۆکایەتی‌ئبرایم پاشای سەدری ئەعزەم ورێنوێنی‌ئولامە بەناو خاکی کوردستان و ناوچەی ئازەربایجاندا ،هێرشی کردە سەر ئێران و"تە وریز" پێتەختی دەوڵەتی سەفەوی داگیر کرد. شاسولەیمان خۆیشی بەهێزێکی‌زۆرە وە هاتە"تەوریز" دواتریش

به ناو کوردستاندا بەرە و "بە غدا"کەوتەڕێ لە941ی مانگی1535ی زاینی"بەغدا"ی گرت و،بەناو کورددستانداگە ڕاوەبۆ"ئەستەمبووڵ"دەوڵەتی ئێرانیش فرسەتی هێناو دووبارە هاتە وە"تەورێز" و هەتا شاری "وان"یشی داگیر کردە وە.

ساڵی1542ی زاینی 948ی مانگی"ئەلقاس میرزا"برای"شا تەهماسب"هەلات و پە نای بردە بەر"سوڵتان سولەیمانی عوسمانی" و هانیدا هێرش بکاتەسەر" ئێران"سوڵتان سولەیمانیش "حسەین‌بەگ"ی میری"ئامێدی"و"زەینەڵ بەگ"ی میری هەکاری و میرانی برزا دۆستی ناردە سەرمیرانی موکری و،هەر سێک برا: شێخ "حەیدەر"میرنەزەر" و میرخدر" ی کورانی ڕۆستە م لەو شەڕی کورد بە کوردە دا، کوژران و،دەوڵەتی‌عوسمانی،ئەمجارەش‌شاری"تەورێز"ی‌گرتەوە.
شێخ حەیدەر دووکوری لەپاش بەجێما(میرە و حوسە ین)میرنەزەر کوریکی هەبوو بەناوی (بە یرەم) میر خدریش دوو کوری لە پاش بە جێمابوو(ئوڵۆغ) و (حەسەن) ئە مانە هە موویان لە و کاتە دا مناڵ بوون.

لەپاش مەرگی شێخ‌حەیدەر و براکانی،لەسەر داوای‌میر و بێگلەری کوردستان و،بەفەرمانی "شاسولەیمان" مەزنایەتی موکریان درا بە میرە بەگی‌کوری حاجی عومەری کوری‌سارم خان. میرەبەگ30 ساڵان فەرمانڕەوایی‌موکریانی‌کرد.کەمرد کورێکی لەپاش بە جێما بەناوی مستەفا. پاش مەرگی میرە بەگی کوری حاجی عومەر،میرەبەگی کوری شێخ حەیدەری کوری ڕۆستەم خۆی لە"شاتە هماسب"نزیک کردەوە و، مەزنایەتی موکریانی پێ بەخشرا. لەساڵی 1576ی زاینیدا،983ی مانگی،سمایلی دوو هە م بوو بە شاآی"ئێران"میرەبەگ چووە دەر باری‌شا لە "قەزوێن" وبەڕێز وحورمەتێکی زۆرەوە گەڕاوە گەڕاوە موکریان.

ساڵی1577ی زاین984ی مانگی،کاتێک کە"محەمەدی‌خودابەندە"چووسەر تەختی شایەتی وەزعی ئێران بەتەواوی‌تێکچوو.کەس‌خەتی‌کەسی‌نەدەخوێندەوە.بۆیەمیرەبەگیش وەکوو زۆرێک لەمیرەکانی کوردستان لەساڵی 1582ی زاینی 991ی مانگیدا ، بەیار مەتی "میر محەمە د"ی میری میرانی"وان"ەوە،چووە ژێر فەر مانی" شامراد "ی عوسمانییەوە.وڵاتی بابانیشی بۆ خرا سەر کەلەپووری باب و باپیرانی و،"موسڵ"و " هەولێر"یشی پێ بەخشرا و، هێندێک لەناوچە کانی"مەراغە"و"تەورێز"یش دران بەکورەکانی.میرەبەگ لەچلەی‌زستاندا،لەگەڵ"شا محەمەدی والی"وان"دا هێرشیان کردەسەر"بەکتاش قوڵی بەگی ئیستاجلوو"حاکمی "مەراغە"قوڵی‌بەگ شکا وهەڵات.هەموو سەروەت وسامانی خۆی ودانیشتوانی شآرەکە بەتاڵان برا "ڕەوەی" شا تە هماسب"(کەلەدنیادا کەم وێنەبوو،ئەوکات لەدەشتی"قەراجیق"دەلەوەڕا)کەوتەبەر پەلاماری هێرشبەرانی کورد و بەتاڵان برا.

کاتێک شا محەمەدی میری"وان" لەوشەڕەدا بەسەرکەوتوویی گەڕاوە، میرەبەگی دەگەڵ خۆی‌برد بۆ "ئەرزەرۆم"بۆلای "سوڵتان فەرهاد"ی عوسمانی.سوڵتان لەپاداشی ئەو هەموو خزمەتانەی کە میرە بەگ کردبووی،ناز ناوی"شای بەمیرە بەگ‌بەخشی و،کردییەبەگلەربەگی "مەراغە" وشەرتشی بۆدانا:کەخۆی ناوچەکە لەچنگ قزڵباش‌دەر هێنێ.حەسەنی کوری میر خدر،ئامۆزای میرە بەگ ،پێشترچوو بووەدیوانی‌سوڵتان فەرهاد و ناوچەی "دریاز"ی پێ دابوو بەسەری دا ڕابگات،کە میرەبەگ گەڕاوە،حەسەن بەنیاز نەبوو"دریاس"ی بداتەوە.لەقەلادا خۆی قایم کرد. میرەبەگ دەوری قەڵا کەی دا و،کوشتی."ئولۆغ"بەگی برای‌حەسەن‌بە دەسکیسی خزم و دۆستانی لەقەڵا دەرباز بوو.پێشان چووە:ئەرزەڕۆم"و، هاواری بردەبەر"سوڵتان 'فەرهاد'
لەوێ هیچی بۆنەکرا. بایداوە بەرە و " ئێران"کاربەدەستانی' محەمەد شا ،زۆریان رێز لێگرت و ناوچەی"دێغورغان"ئازەرشەر"ی‌ئێستا یان بەسەنجەق پێ دا. میرەبەگ لەحسینی برای خۆی دڕدۆنگ بوو.پیی وابوو:ئەولەگەڵ ئامۆزاکانیدا لەدژی رێککەو توون.گرتی و کوشتی.میرە بە گ
گشت نەیارەکانی‌خۆی یەک لەدوای یەک لەناو برد و،دەسەڵاتێکی تەواوی لەناوچەکەدا پەیدا کرد.لە"مەراغە"وە هەتادە گاتە "موسڵ" و،لە خۆرئاوای کوردستانەوە هەتا شارەزووری لەژێر دەست

وده سه ڵاتیدا بوو ه.

سالّی 1583ی زاین992ی مانگی،که "تەورێز "کەوتەوە دەست عوسمانییەکان و، جەعفەر پاشای وەزیری‌بەسەر داڕادەگەیشت،چونکە"مەراغە"هەرلەکۆنەوەسەربە"تەورێز"بووە،جەعفەر پاشا دەی ویست:بیخاتەوەسە تەورێز و،قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی میرەبەگ بەر تەسک کاتە وە. بۆ ئەو مەبەستە،کەوتەشەیتانی کردن و نامە نووسین لەدژی میرەبەگ.لەئاکامدا ولّاتی بابان و "موسڵ"و"هەولێر "یان لە میرەبەگ ئەستاندەوە و، "مەرغە" ش خراوەسەر "تەورێز" و،تەنها ناوچەکانی میرایەتی باب و باپیرانی بۆماوە.

ئەوسەردەمانەی‌کەمیرەبەگ بەسەر"مەراغە"ودەورو بەریدا ڕادەگەیشت.شێخ‌حەیدەری‌کوری میرەبەگ‌بەئەمری سوڵتان مرادی عوسمانی قەڵای"ساروقۆرغان"ی سەربە'مەراغە"ی‌ئاوەدان کردبووە وە،کەرۆژگارێک بە ئەمری تەیمووری لە نگ کاولکرابوو. ساڵی1593ی زاینی1002ی مانگی جارێکی تریش ئازە ر بایجان کە و تە وە دەست 'دەوڵەتی عوسمانی'و،خدرپاشای‌میری میرانی بەغدا کرابە والی"تەورێز"و، ئەو قەلایەی‌کردەبەهانە و کەوتەئاژاوە نانەوە لەنێوان میرە کوردەکاندا. قەڵا و ناوچەکەی بەسەنجەقدا بەهۆزی مەحموودی و،شەڕوهەرای‌بۆ ساز کردن و،لەوشەڕانەدا کوردێکی زۆرلەهەردووک‌لا کوژران.کورێکی‌زەینەڵ بەگی سەرکردەی هۆزی مەحموودیش لە نێو کوژراوەکاندابوو.

ساڵی1595-94ی زاینی 1003ی مانگی،هۆزی مەحموودی‌و عەوێزبەگی‌میر لیوای"ماکۆ"خدر پاشایان لەشێخ حەیدەر هان دا .شێخ حەیدەرزۆری خۆپاراست و ،بەنیازی شەڕ نەبوو.تەنانەت حازربوو خوێنبەهاش بذات بەهۆزی مەحموودی. بەڵام بەزۆر شەڕیان بەسەرداسەپاند.ئەویش زۆر ئازایانە وەدەست هات. عەویزبەگ وزۆرکەسی دیکەشی لێ کوشتن. میرە بەگی باوکی دەستی وەبەر هێناو ونەی هێشت زۆرتریان لێ بکوژێ.

موکریان و ئەماڕەتە کەی،بۆ دوو دەوڵەتی‌داگیرکەری "ئێران"و "عوسمانی"گرنگییەکی‌تایبەتی هەبوو. ئەگەر چی‌شاکانی‌ترکی عوسمانی، ئەو کات زۆر تر پشتی میرەکوردەکانیان دە گرت و،پارمەتییان دەدان لەشەڕی‌دژی ئێراندا. بەڵام قەتیش نەیاندەدە هێشت میرەکوردەکان لەیەکتر نزیک‌ببنەوە ویەکبگرن،مەبادا رۆژێک لەرۆژان بکەونەبیری سەربەخۆپیی‌ودامەزراندنی‌دەوڵەتێکی کوردی لەناوچەکە دا. گومانیشی تێدا نییە: کە میرە کوردە کانیش ،لەبەر کێشە و قڕەی نێوان خۆیان و،کێ بەرکێی نۆکەری وگوێڕایەڵیان بۆداگیرکەران،نەپەرژانە سەر ئە و ئە رکە نەتەوە یی ونیشتمانییەیان وکەڵکیان لەو هەلە هەڵکەوتووە وەرنەگرت.

ساڵی1603ی‌زایی 1010ی مانگی،کاتێک "شاعەباس"(1587-1629( تەورێز و ناو چەکەی گرتەوە."شێخ حەیدەر" چووە دەرباری شا "عەباس" زۆری رێز و حورمەت لێگرت و، لە گوناهی بابیشی خۆش بوو.ناوچە کانی سەر بە"مەراغە" شی بەسنجەق پێدا ، هەتاکوو بەسەریاندا ڕابگات.ئەویش زۆری خزمەتی " شاعەباس " کرد و، لەگەڵی چووە شەڕی دژی عوسمانی و، سەرەنجام لەشەڕێکدا لەخوارووی قەڵای"یەریوان" لەساڵی 1603ی زاینی 1010ی کۆچیدا کوژرا.ئەوسەردەمانە باوک و کور(میرەبەگ و شێخ حەیدەری‌کوری) بێجگەلەقەڵا و وناوچەکانی پێشوو،قەڵای"تەرەغە"ناوچەی"قاجر"قۆرغان"مياندووا"ناوجەی"لەیلان"وقەڵای"ساروقۆرغان" ی سەربە"مەراغە"شیان لەژێردەستدا بووە. میرە بە گ شەش کوری هە بووە:بداغ،قاسم،شێخ حەیدەر،سولەیمان،ئە میرە خان و عە وداڵ.شێخ حەیدەریش کورێکی هە بووە بە ناوی قوباد.

کاتێک شێخ حەیدەرکوژرا،قوبادی کوری هێشتا منداڵ بوو.بەڵام "شاعەباس" لەجێگای باوکی داینا و، چەندگەورەپیاوێکی موکریانی بۆ کردە پاڵپشت .قوباد گەورەبوو.هەڵیدا ودەسەڵاتی‌گرتە

دەست"شاعەباس‌لێی نیگەران بوو.لەبەهانەیەک دەگەڕا،ساڵی1608ی زاینی 1017مانگی، کاتێک بەئەمری"شاعەباس"هێزێکی زۆربەبەشداری عەشیرەتی"جەلالی"هێرشیان کردەسەر "قەڵایّ دمدم" فرمان بە قوبادیش درا،هەتابەشداری ئەو شەڕی دژی خانی لپزێرین(میری برا دۆست"بکات.بەڵام قوبادبەدەنگییەوە نەچوو."شاعەباس"قینی لێ‌هەڵگرتبوو،دەیویست تۆڵەی لێ‌بکاتەوە.ساڵی دواتر شاعەباس لەچیای" قەرەباغ"لەشکری مۆڵدا.هەرچەند قوباددەشیزانی کەشاعەباس لێی توورەیە،بەڵام لەگەڵ کۆمەڵێک لەگەورەپیاوانی موکری چوو بۆ بەخێر هاتنی شاعەباس.ئەوجارەیان لەبەر ناسکی بارو ودۆخی ناوچەکە، زۆری ڕێزلێنا وهێچیشی بە چاودا نەداوە.

جارێکی تریش کە شا عە باس دە ستووری دا:قوباد بچێتە شەڕی دژی هەڵۆخانی حاکمی ئەردڵان، قوباد دیسانیش جوابی نەدا یە وە .بۆدواجار کە "شاعە باس"بە هێزێکی زۆرە وە هاتە "مە راغە"نزیک "قەڵای"گادۆل"پێتە ختی میرانی موکری،قوبادئەمجارەش‌لەگەڵ پیاو ماقووڵانی موکری چووبۆ بەخێرهاتنی شاعەباس.بەڵام ئەم جارە یان ، شاعەباس هەلی بۆ هەلکەوت و، بەسەریەوە نەچوو.زۆر نامەردانە ودوور لەویجدان،بە بێدەنگی وبەدزییەوە هەموویانی کوشت. قزڵباش هێرشیان کردەسەر "قەڵا:و گرتیان و تاڵانیا نکردو ژن وپیاو،گەورەو چووکەیان قەتڵوعام کردن.ئە وساڵە واتەساڵی 1610ی زاینی1019ی مانگی بەساڵی موکری قڕان بەناو بانگە...

پاش ئەو کوشتارەخوێناوییە،شآ عە باس لە 1603ی زاینی1019ی مانگی موکریانی بە شیر بەگ ناوێک‌ئەسپاردشێربەک‌دەسەڵاتی گرتەدەست و،دڵسۆزانە کەوتەئاوەدانکردنەوەی وڵات. پاشان‌کەوتەبیری لەشکر پێکەوەنان وساز وبەرگی نیزامی وخۆ تەیارکردن بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە. هەمووئەو کوردانەی‌کەداخلەدڵی ترکانی سەفەوی بوون،لەژێر ئاڵای خۆیدا کۆکردە وە. ساڵی 1624ی زاینی1033ی‌مانگی،هێرشی‌کردەسەر"مەراغە"وقزڵباشێکی‌زۆریان کوشت وتاڵانێکی یاشیان هێناو وگەڕانەوە"شاعەباس"هیزێکی زۆری‌ناردەسەرشێربەگ.بەڵام پێی نە وە ستان و بەتێشکاوی گەڕانەوە. چوونکە ئەو سەردەمانە دەوڵەتی "ئێران" بەشەری "گورجستان"ە وە سەرقاڵ بوو .نەیدەپەرژایە سەرموکریان ومیری موکری.بەو شێوەیە شێربەگ‌جارێکی تریش لە 1624ی زاینی1033ی مانگی دا ،موکریانی لەچنگ‌قزڵباش دەرهێنا و ڕزگاری کردەوە.

مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی‌دەڵێ:شێربەگ خزمایەتی دەگەڵ‌میرانی موکریدا هەبووە.وێدەچێ کوری ناسربەگ‌بێ کەلەبنەماڵەی میرانی تەرگەوەڕبوو.دەڵێ:هەرشێربەگیش‌بوو کە باتەختی ئەمارەتی موکری لە"دریاز"ەوە گواستەوەبۆ "سابڵاغ"مهاباد و کردییە پاتەختی خۆی.دەڵێ : نازانین ئەو فەر ماڕەواییە بەکوێ گەیشت ؟" مامۆستا هەژار دەڵی:ئەو حوکومەتە لەموکریان کەشێربەگ دای مەزراندووە،پتر لە دوو سەدەی خایاند.لە دەورەی"پاشا کۆرەدا"(ئەوڵاخان)ی میری موکری بە سەر بەستی تەواو ژیاوە.

مامۆستا هە ژار لەدرێژە ی باسەکەدا دە نووسێ:ئە وەی شایانی لێدوانە:پیری ژیروئاگاداری موکریانی وەک لەباوک وباپیرانی خۆیان دەگێرنەوە :بداغ سوڵتان بەیەکە مین‌میر دەزانن کە لە (دریاز) ی گوێز تە وە وگوندی"سابڵاغ"ی کردە شار وپاتەختی‌خاکی موکریان و، دەڵێ‌ئێستاش کەدواین سێ یەکی بیستەم سەدەی میلادییە وەچە و نەوەی"بداغ سوڵتان"زۆر ماون وگەلێک لەوان خاوە ن ناون. ماڵی" ئیعزامولمولکی"لای"بۆکان "و خانانی‌چۆمی مەجیدخان و هۆ زی بەگزادە ی‌فەیزوڵابەگی و شێربە گی ڕیشاژۆی‌ئەوشەنگەدارن"(ئیترمامۆ ستا،باسی ئەوەناکات کە شێربەگ کوری کێیە و، چۆن لەدەست‌شا عەباس و موکری قڕان نە چاتی بووە و کراوەتە حاکمی موکریان. ناشڵێ:" بداغ سوڵتان "کوری کێیە و کە ی ولە کوێوە هاتۆتە"دریاز" و پاشان چۆتە" سابڵاغ" و کردوویە بە پاتە ختی ئە ماڕە تی موکری!!!)

لە هێدێک سەرچاوەدانووسراوە: پاش شێربەگ،بداغ سوڵتان لەگوندی"میراوێ"ی نەڵێنەوە

(میراوێ مەلاخەلیل)ە وەهاتۆتە"سابڵاغ"و ساڵی0 164ی زاینی1050مانگی بۆتەحاکمی موکری و،ساڵی1668ی زاینی1079 ی کۆچی مانگی لە سەرچۆمی سابڵا غ"پردی سووری" دروست کردووە.ساڵی1678زاینی1089ی مانگی لەشاری"سابڵاغ"مزگەوتی سوو"ی بنا کردووە،ساڵی 1700 =1111ی مانگی مردووە و، و،هەرلەوشاررەش بەخاک ئەسپێردراوە.لە ساڵی 1691ی زاینییەوە ،مووسا بەگی کوری بداغ سوڵتان بۆتەحاکمی موکریان.پاش مووسا بە گیش شێخ عەلی کوری لە1766دا بۆتەحاکمی موکریان.پاش شێخ عەلی،بداغ خانی کوری لە1786داجێگای گرتۆتەوە.پاش بداغخان کورەکان:عەبدوڵا1847ی بۆتەحاکم.پاشان ڕەحمان خان.دوای ڕەحمان خان،حەمەخان،کەریمخان 1862 دەسەڵاتی بەدەستەوەگرتووە( ئە و سەرچاوانەش ناڵێن: کە بداغ سوڵتان کوری کێ بووە !!)

کتێبی" تمدن مهاباد"نووسراوەی ئاغای مەحموودی پدران (زۆزان) بەنەقڵ لە کتێبی"مهاباد امروز ودیروز"نووسراوەی ئاغای حەسەنی"باباتاهیری"کورتەشەجەرە یەکی ناتە واوی بنەماڵەی بداغ سوڵتانی نووسیوە و،دەڵێ: بداغ سوڵتان کوری شێربەگی کوری شێخ حەیدەری کوری میرە بەگی موکرییە"(مەبەست میرەبەگی کوری شێخ حەیدەری کوری ڕۆستەمی کوری باباعومەری کوری میرسەیفەدینە)ئیترباسێکی قوباد وکارە ساتی موکری قران ناکات!!(ئەمە،لەکاتێکدایەکە لەهیچ سەرچاوەیەکی مێژووییدا ، نەنووسراوە:کە شێخ حەیدەری کوری میرە بە گی موکری کورێکی هەبووبێ بەناوی "شێربەگ" بۆ یە، وێدەچێ: قسەکەی مامۆستا جەمیل رۆژ بەیانی لە راستی نزیکتر بێت کەدەڵێ: شێربەگ خزمی میرانی موکری بووە. وێدە چی کوری ناسر بە گی کە لە میران تە ر گە وە ڕ بوو ..."

عەبدولقادری کوری ڕۆستەمی بابان،لەکتێبی ڕەوشی کورداندادەڵێ:فەقێ ئەحمەدی دارشمانە دووکوری هەبووە لەکچەفەڕەنگ:سولەیمان کەبۆتەمیری بابان.ئەوی تریان عەبدوڵا مەشهوور بە بابامیر کە پاشان بۆتەحاکمی موکریان"( ئیتر باسی ئەوەناکات:فەقێ ئەحمەد خۆی کوری کێ بووە.بابامیرکە نگێ هاتۆتە موکریان) مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی دەڵێ:وێدەچێ فەقێ ئەحمەد کوری بابامیری کوری بداغی کوری میرە بەگی موکری بووبێت. (مەبەستی میرەبەگی کوری شێخ حەیدەری کوری ڕۆستە می کوری باباعومە ری کوری "میر سەیفەدین،"دامە زرێنەری ئە مارەتی موکرییە)چونکە بداغی کوری ئە ومیرەبەگەسەردەمانێک بەسەرمە گە"دا ڕاگەیشتووە.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی لەلابەرە229ی مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەڵێ:بابان بنە ماڵەیە کی حوکمڕان بوون لەوڵاتی سولەیمانی دا.لە بابا سولەیمانی کوری فەقێ ئەحمەدی کوری کاکە شێخی کوری بداغ بە گە و، لە1677ە وە سە رە تای ئە مارە ت دە ست پێ ئەکاو..لە1815دا ئەکوژێتەوە"( ئیتر ناڵێ: کاکەشێخ خۆی کوری کێ بووە) و،بە نەقڵ لە"میستیر ڕیچ"یش دەڵێ: ........فە قێ ئەحمەد2 کوری لەکچەفەڕەنگ هە بووە:یەکیان سولەیمانە،کە لە 1677ی زاینیدا بۆتە حاکمی بابان.ئە وی تریان بوداغ کیغانە( ڕیچ:ڕەنگە کیغان ناوی کچەفەڕەنگ بووبێ) بداق مردووە و کوری نە بووە" (ناڵێ باوکی فەقێ ئەحمەد کێ بووە!!) مامۆستا لە لاپە ڕەی 233ی هە مان کتێبدا، بەنەقڵ لەشەرەفنامەدەڵێ:بداغ 2کوری هەبووە: (بەڵام ناڵێ:کام بداغ) میرە بەگ،بۆتەحاکمی پژدەرو،کاکەشێخ،کەبۆتەحاکمی "مەرگە "میرە بە گ کاکە شێخی کوشتووە و،کورێکی لەپاش بەجێماوە فەگێ ئەحمەدناو، ئیترئەم کورە ئەبێ بە بنجی بنە ماڵەی بابان. (بە داخە وە ،ئەویش ناڵێ: فەقێ ئەحمەد خۆی چەند کوری هە بووە.وناویان چی بووە؟ و چیان بەسەر هاتووە؟!!

نووسەری شەڕەفنامە لای وایە:ئە مارە تی بابان لە پیر بداغی بە بە وە دەست پێ دەکا ت. نەک لە سولە یمانی کوری "فەقێ ئەحمەد"ەوە . دەڵێ:.........دوای مەرگی"پیربداغ"ی بەبە، دامە زرێنەری ئەمارە تی بابان،بداغی کوری ڕۆستە می برای، دووساڵ حوکمی کردووە. پاشان "پیر نەزەر"ی کوری"بەیرام : بۆتەحاکمی وڵاتی بابان (ناڵێ:بیرنە زە پێشتر چ کارە بووە) ئەمجار دەستو پێوە ندی

پیربداغ هاتنە سەرحوکم:برایم و سولەیمان و.....سولەیمان برایمی  کوشت.
برایم 3کوری هە بووە: کاکەشێخ، و میرە وسولە یمان. کاکەشێخی کوری برایم،ماوە یەک بووە حاکمی "مەرگە"پاش مەرگی سولەیمان ئە ماڕە تی بابانیشی گرتە دەست و، پاشان  دەگەل  میرەبە گی برایدا ، لە ساڵی 1533ی زاینیدا ،کاتێک بە نیازی سە فەربوو بۆ بە"غدا "بۆدیداری
 شا سولە یمانی عوسمانی ،لە "مە رگە"کوژراوون. ( مامۆستاهێمندەڵێ؛ بەیتیکاکە میر و کاکە شێخ بەو بۆنە وە  وتراوە").........

.....کاکە شێخ دووکوری لەپاش بەجێما وە"بداغ "و "سارم"و، بداغ بۆتە حاکمی بابان و16 ساڵ  ئیدارەی وڵاتی کردووە  و،چە ندجار دەگەڵ کورانی سولە یمان:حسە ین وروستە م بە شە ڕ  هاتو،لەو شەڕانەدا حسین ورۆستە می برای کوژراون.سەرەنجام بداغیش بە بیانووی ئەوەی کە لە کێشە وقڕەی نێوان کورە کانی"شا سولە یمانی"عوسمانیدا:"سەلیم و بایەزید"دەستی هەبووە،بەفەرمانی شاسولە یمان کوژرا و،چوار کوری لەپاش بەجێمابوو:حاجی شێخ،حسە ین بەگ،محە مەدبەگ و  ومیر سەیفەدین............حسەینی کوری سولەیمانیش کە بە دەستی  بداغ کوژرا،کورێکی لە پاش بەجێما بوو بە ناوی خدر.کاتێک  کە میرە بە گی موکری هاتە بە ر فەرمانی عوسمانی،مەرگەدرا بە بداغیکوری میرە بەگ و........ پاشان خدرییش مرد و......

 مامۆستا جەمیلڕۆژ بەیانی دەڵێ:مێژووی فەیزوڵا بەگی نووسیویە:سەیفە دین(مە بە ست سەیفە دینی دامەزرێنە ری ئە ماڕە تی موکرییە) کوری بابا عومەری کوری فە قێ ئەحمە دی داریشمانە یە.کەچی میر سەیفە دین ،ئاخری سەدە ی نۆیە می کوچی هە وەڵی سەدە ی دەیە مدا ژیاوە.بە لام فەقێ ئەحمەدی دارشمانە ، باپیرەگەورەی چوارە مین بنە ماڵەیبابانە. کە لە سە رەتای سەدەی یازدە یە می کۆچیدا ژیاوە. بە لانی کە مە وە سێ سەد ساڵیکیان بە ینە "

 بەگوێرەی ئەم هە موونەقڵ وڵێدوان وچیرۆکانە،هەتا ئێرە مە علووم نییە:1-شیربەگ کەبە دوای قوبادی کوری شێخ حەیدە ری موکریدا  بۆتە  حاکمی ماکریان،کوری کێ بووە .2- فەقێ ئەحمەد کوری کێیە و،چەندکوری هەبووە وچیان بەسەر هاتووە؟ 3- ئایا کاکە میر و کاکە شێخ  هەر دووکیان لە مە رگە کوژرا ن؟ یان کاکە میر کاکە شێخی کوشتووە؟ یاخۆ ئەم کاکە  میر و کاکەشێخانە.یەکنین ولە دوو دە ورە دا ژیاون و بوونە حاکم و میری مە رگە و پشدەر؟ (لە هەر یەک لەم سێحا ڵەتانەدا، وادیارە:کەفەقێئەحمەدیداریشمانەکوری کاکەشێخێک،یان حاجی شێخێکە ) 4- ئایا فەقێ ئەحمەدی دارشمانە لە بنەماڵە ی"میرسەفەیدین" ی سەرزنجیرە ی میرانی موکرییە؟ وە ک مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی؛دەڵی: فەقێئەحمەدکوری بابامیریکوری بداغیکوری میرەبەگی کوری شیخ حەیدەری کوری روستەمی کوری بابا عومەری کوری میر سەیفەدێنیدامەزرێنەری "ئەماڕەتی موکرییە"5-ئایا ماڵی" ئیعزامولملکی لای بۆکان"وخانانی
چۆمی مەجیدا خان وهۆزیبەگزادەیفەیزوڵابە گی و شێربە گیش،ریشا ژۆی میر سەفەدین و سارم و باقی میرانی موکرین؟ یاخۆ  لەبنەماڵەی بداغی کوری کاکەشیخیکوری برایمیپیاوی
 بیر بداغی بەبەن؟ کەهیچ پەیوەندیێکی بە میرانی موکرییە وە نییە!!

لەنێو ان ئەم هەموو بداغ و بداغ بەگ وکاکە شێخ و حاجی شێخ وکاکەمیرە دا،ساغکردنەوە ی ئەوبەشەش لەمێژووی کورد،هاسان نییە و، زۆر تێکەل پێکەلە و، هەرکەسە  شتێکی نووسیوە و چیرۆکێکی گێراوەتەوە و،کە متر ئاماژە بەسەرچاوەی باوەڕ پێکراو کراوە: پێویستە  مێژوو زانان زۆرتر و زیادتری ڕوونیکە نەوە و،بەبەڵگەوە لێی بدوێن و،ئاماژەبەسەرچاوە مێژوویيەکان و کات و سەردە می ڕووداوەکان بکەن.هەتا ئێمە مانان وجیلی پاشئێمە ش،بتوانێ کە ڵکیان لێوە گرێ  و،بە ئە رخە یانییە وە لە زمان ئەوانە وەبیانگێڕینە وە.

 بەنەقڵ لەبەرێزکاک جەماڵیبابان،کەسایەتی ناسراوی بنەماڵەی"بابان"و،دانیشتووی‌ئێستای شاریسولەیمانی:فەقێ ئەحمەد،کوری کاکەشێخ،کوری بداغ سوڵتانە.ناوی ئەسڵیرۆستەم

بووه. بەڵام لەترسی میره بەگی مامی! شاردوویانەتەوه و، ناوه کەشیان گۆڕیوه وکردوو یانەته فەقێ ئەحمەد.دەڵێ:"ئێستا گۆری "فەقێ ئەحمەد" و"کاکەشێخ"ی باوکی " وبداغ سوڵتانی باپیری فەقێ ئەحمەد،له گوندی دارشمانەن "(بەڵام بەداخەوه وادیاره مامۆستا ش نەیوتووه" باوکی بداغ سوڵتانی باپیری فەقێئەحمەدلەکام بنەماڵەبووه) بەرێزمامۆستاجەماڵ هەر وه ها فەر موویەتی:بداغ سوڵتان حاکمی موکریان و"مهاباد"یش کوری فەقێ ئەحمەدیدارشمانەیه"

بۆ ناوەکەی موکریانیش،خاوەنی شەڕەفنامەدەڵێ:ده ماو دەم زانیومانه: که کابرایەک بەنای "سەیفەدین"سەر زنجیرەیسەردارانی"موکری" پیاوێکی زۆربه مەکر وداهۆ بووه و،به (مەکری) ناو بانگی ده ر چووه. ده شکرێ (مه کرۆییشی) پێ بڵێ. خودا ده زانی" هێندێک که سیش دەڵێن:رەنگه ناوی موکریان له (موکرێت)ەوەهاتبێتکه ناوی یەکێک لەعیله تورکمانه کانه"بەڵام مامۆستا جه میل رۆژبه یانی دەڵێ: ئه مانه راست نین و، ناوی موکریان زۆر له وانه کۆنتره و، گۆڕانێکی که می به سه ر دا هاتووه . ئه م ناوه له بنه ڕەتدا"موغ رێ ،موغ رێیان"بووه .پاشان بووه به "موقریان" و ئینجا به "موکریان"........چونکه زاینگه ی زه رده شت کەو تۆتەلای باشوور وخوارووی کۆلی" ورمێ"وئاورگه ی "ئازەرگۆسناسپ"یش لەشآری"شیز" واته ته ختی سوله یمان بووه و،موغه کانلەده و رانی "ماد"و "هه خامه نشی" وپارتی و ساسانییه کاندا له هه موولایه که وه ئه چوون بۆ زیاره تی ئه شوێنانه و...جا له به رئه وه ی ئه م ده شتی موکریانه سەره ڕیی موغه کان بووه. ناو نراوه موغ ڕێ، موغ ڕێیان و پاشان بۆته موکریان ........

سەر چاوەکان:

1=شەڕەف نامه، شەڕەفخانی بتلیسی

2=مێژووی ورمێ، ئەحمەد کاویان پوور

3= فەرمانڕەوایانی موکری، جەمیل ڕۆژ بەیانی.

4=کورد و عەجەم، محه مەد ساڵح ئەمین

5=جووڵانەوه یڕزگاری کورد، سەید عەزیز شه مزینی

6= تمدن مهاباد، مەحموود پدرام(زۆزان)

7=مێژووی ئه ده بی کوردی، عەلا ئەدین سەجادی

8=عالم ارای عباسی ، اسکندر بیگ منشی

عومەر عەسری 1388ی هه تاوی [2009/10 ی زایێنی]